ئەگەر هەریەکێکتان خۆراکی خوارد؛ ئەوا با دەستی خاوێن نەکاتەوە (نەیشوات) هەتاوەکو (پەنجەکانی) دەلێسێتەوە

لە ئیبن عەباسەوەە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەریەکێکتان خۆراکی خوارد؛ ئەوا با دەستی خاوێن نەکاتەوە (نەیشوات) هەتاوەکو (پەنجەکانی) دەلێسێتەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە ئەو کەسەی کە خواردنێک دەخوات پێش ئەوەی دەستی بسڕێت یان بیشۆرێت؛ با بیلێسێتەوە، وهۆکاری ئەم کردەوەیەش لە فەرموودەی تردا باسکراوە چونکە ئەو نازانێت لە چی بەشێکی خواردنەکە بەرەکەتی تێدایە، وبۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە لێسینەوەی پەنجەکان چونکە لەوەیە بەرەکەت لەو خواردنە بێت کە بە پەنجەکانەوە نووساوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2935